Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf-2019-29

# پێگەو ڕۆڵی خێزان لەئاینی ئیسلام و مەسیحیدا
# توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی وەسفی بەراوردکارییە

**شیرین صالح محمد**

وەزارەتی پەروەردە/ ب.گ.پ. سلێمانی/ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوا

***Article Info***

Received: June, 2019

Revised: July, 2019

Accepted: August, 2022

***Keywords***

خێزان، ڕۆڵ و ئەرکی خێزان، خێزان لە ئاینی ئیسلام و مەسیحیدا

***Corresponding Author***

shirinsocial16@gmail.com

## پوختە:

ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕوی ڕۆڵ و پێگەی خێزانە لە ئاینی ئیسلام و مەسیحیدا، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، لەدوای خستنە ڕوی چەمک و مێژوی خێزان و ڕۆڵ و ئەرکی لە کۆمەڵگەدا، تێڕوانینی هەریەک لە دینی ئیسلام و مەسیحی بۆ خێزان خراوەتە ڕوو.

لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەوەی خێزان بە یەکەمین و گرنگترین ناوەندو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە کۆمەڵگەدا، کە ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی هەیە لە کۆمەڵگەداو ئەرکی سەرەکی بریتییە لە پڕکردنەوەی پێویستییە جەستیەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکانی تاک، هۆکارێکی کاریگەرە لە مانەوەی کۆمەڵگە بەدروستی و پاراستنی تاکەکان لە لادان و تاوانکاری، چونکە لەڕێی پەروەردەیەکی دروستەوە وا لە تاک دەکات پابەند بێت بە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەو بەها باڵا مرۆییەکانەوە، کە ئەمە لەلایەکەوە تاک و لەلایەکی دیکەشەوە هۆکارە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە.

لەگەڵ ئەمانەشدا کۆی ئاینە ئاسمانی و زەمینییەکان گرنگی تایبەتیان بە خێزان داوە، لەو نێوەندەشدا ئاینی ئیسلام کە کۆتا ئاینی ئاسمانییە گرنگییەکی تایبەتی بە خێزان داوەو لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەریشدا بەڕوونی ئەم گرنگی پێدانە دەبینین، ئاینی مەسیحیش وەک ئەوەی بڵاوترین ئاینە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا گرنگییەکی زۆری بە خێزان و دروست کردنی و پابەندبوونی بە کەنیسەوە داوە بە ئامانجی ئەوەی خێزانێکی پابەند بە ئاینەوە دروست ببێت، تا تاکێکی تەندروست و پابەند بە ئاین و ڕەوشتەوە پەروەردە بکات.

## پێشەکی:

خێزان یەکەم وێستگەیە، کە ژیانی مرۆڤ تیایدا دەست پێدەکات، یەکەم ناوەندە تاک تیایدا گەشە دەکات، یەکەم ناوەندی پەروەردەیە مرۆڤ هەر بەهاتنە دنیایی تێکەڵ دەبێت، ئەرکەکەشی بریتییە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی تاک لە بونەوەرێکی بایۆلۆجییەوە بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوە زانایانی کۆمەڵناسی خێزان بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ناودەبەن و پێیان وایە یەکەمین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە و بناغەی پێگەیاندن و چاندنی بەهاو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە لە دەروونی تاکدا، چونکە یەکەم ناوەندە تاک زۆرترین کاتەکانی تێدا بەسەر دەبات، بەتایبەتی لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنیدا، لەبەرئەوە خێزان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە گەشەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵگە، بەمەرجێک ئەرکەکانی بەرامبەر تاک بەتەواوی جێبەجێبکات.

ئەگەر بروانینە ئاینەکان چ ئاسمانی بێت یان زەمینی بایەخدانێکی تەواو بە خێزان تێبینی دەکەین و دەبینین کە خێزان بە ناوەندێکی گرنگ و جێی بایەخ دانراوە، بێگومان دینی ئیسلام کە کۆتا دینی ئاسمانی و دینی مەسیحیش کە بەرێژەیەکی زۆر بڵاوە لە جیهاندا بە گرنگییەوە ڕۆڵ و ئەرکی خێزانیان خستۆتە ڕوو، خێزان وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ پەروەردەکردنی تاک دیاریکراوە.

بێگومان زانستەکانیش بە تایبەتی زانستەکانی (کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسی خێزان) گرنگییەکی تەواویان بەم بابەتەو ڕۆڵ و ئەرکی خێزان لە کۆمەڵگەدا داوە، هەوڵیانداوە کۆی لایەنەکانی ژیانی خێزان و پەیوەندییە خێزانییەکان و کاریگەری خێزان لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە شیبکەنەوە.

لەبەرئەوە گرنگیدان بە بابەتی خێزان و توێژینەوە لەسەر ڕۆڵ و ئەرکی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە جێگای سەرنج و توێژەران دەتوانن بەشێوەیەکی زانستی ئەم بابەتە بخەنە ڕوو، تابتوانن وەک سەرچاوەیەکی هۆشیاری بۆ ئاشنا کردنی خێزانەکان بە ڕۆڵ و ئەرکەکانیان بەکاری بهێنن.

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتوە، لە باسی یەکەمدا دوای خستنەڕوی کێشەو گرنگی و ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکە، پێناسەی چەمکەکان و توێژینەوەکانی پێشوو خراونەتە ڕوو، لە باسی دووەمیشدا تیشک خراوەتە سەر دیدو تێڕوانینی هەر یەکە لە ئاینی ئیسلام و مەسیحی و بۆ خێزان و پاشان بەراوردکاری نێوان تێڕوانینەکان خراوەتە ڕوو، لە کۆتا باسیشدا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەو ڕاسپاردەو پێشنیارەکان خراونەتە ڕوو.

## باسی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

خێزان مەسەلەیەکی گشتییەو بە هەر فەلسەفەو میتۆدێک ڕاڤەی بکەیت، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاک و کۆمەڵگەوە هەیە، یەکەم ناوەندە تاک تێیدا دێتە دنیاوەو گەشە دەکات و فێری داب و نەریت و یاساکانی کۆمەڵگە دەبێت، واتە تاک بەبێ بوونی خێزان ناتوانێت ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بەشێوەیەکی دروست بەڕێ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، ئەمیش لە ڕێگەی پەروەردە و پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست، کە بتوانێت سود لە توانا و لێهاتوییەکانی وەربگرێت، کە هۆکارێکی گرنگە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە، کەواتە خێزان یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و بە دروست بوونی خێزان کۆمەڵگەیەکی دروست دێتە بوون و لەناوچوونی خێزانیش هۆکارە بۆ لەناوچونی کۆمەڵگە. ئەم هۆکارەش وای کردوە کە زۆرێک لە زاناکان لە بوارە جیاوازەکانی (کۆمەڵناسی، دەروونناسی، گەشەکردن، تەنانەت زانستی پزیشکی و بۆماوەزانیش لە ڕوی بایۆلۆجیی و تەندروستییەوە) گرنگی بە خێزان و ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی بدەن.

جیا لەمانەش دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین دینەکانیش چ ئاسمانی بن یان زەمینی گرنگیان بە هاوسەرگیری و دروست کردنی خێزان و هۆکارەکانی پتەوبوون و مانەوەی خێزان و کێشەو گرفتەکانیان داوە، تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە تاکێکی دروست پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەن، کە متمانەی بە خۆی هەبێت و بتوانێت سود لە توانا و لێهاتوییەکانی وەربگرێت و خزمەت بە کۆمەڵگە بکات.

لێرەوەو لە ڕوانگەی گرنگی خێزان بۆ تاکە کەس و کۆمەڵگە، خێزان دەبێتە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان بۆ توێژینەوە، تا بەشێوەیەکی زانستی ئەوە بخرێتە ڕوو خێزان چییەو مرۆڤایەتی چ پێویستییەکی پێیەتی؟ دینە جیاوازەکان چۆن دەڕواننە پێگەو ڕۆڵی خێزان؟ خێزان چ ڕۆڵێکی هەیە لە پێگەیاندنی تاکدا؟ ئەرکەکانی خێزان بەرامبەر تاک و کۆمەڵگە چییە؟ پەیوەندی نێوان خێزان و کۆمەڵگە چییە؟ ئایا خێزان ڕۆڵی هەیە لە پێشخستن و پارێزگاریکردنی کۆمەڵگە؟ لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وەڵامی بەشێک لەم پرسیارانە بخەینە ڕوو، لەگەڵ خستنە ڕووی دیدو تێڕوانینی دوو ئاینی دیاری ئاسمانی لەسەر خێزان، کە ئاینی (ئیسلام و مەسیحیە) بەراوردکردنی دیدو تێڕوانینیان بۆ خێزان و ڕۆڵ و ئەرکی بەرامبەر تاک و کۆمەڵگە.

### دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لە گرنگی خێزانەوە دەردەکەوێت، چونکە خێزان یەکەمین و گرنگترین ناوەندە تاک تیایدا گەشە دەکات و زۆرترین کاتەکانی تێدا بەسەر دەبات، خێزانی تەندروست دەتوانێت تاکێکی هۆشیارو تەندروست پێشکەش کۆمەڵگە بکات، ئەمەش هۆکارە بۆ تەندروست بوونی کۆمەڵگە. لەلایەکی ترەوە ئاشنا بوون بە پێگەو ڕۆڵ و گرنگی خێزان لە کۆمەڵگەدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک بە گرنگی خێزان و پابەند بوون بە بنەماو ڕێساو یاساکانیەوە لە پێناو مانەوەی بە تەندروستی و دووربوون لە کێشەو گرفتەکان.

لێرەشەوە زانینی گرنگی و پێگەی خێزان لە ئاینە جیاوازەکاندا گرنگیەکی تری توێژینەوەکە نیشان دەدات، چونکە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە پابەندی دینن، ئەم پابەندیەشیان هانیان دەدات ڕێز لە بنەماو ڕێساکانی دینەکان بگرن و بە گرنگییەوە بڕواننە ئەو بابەتانەی دینەکەیان گرنگی پێدادات، ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک لە زانینی پێگەی خێزان و هەوڵدان بۆ دروست کردن و بنیاتنانی خێزانێکی تەندروست لە پێناو ژیانێکی تەندروستدا.

### سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە خستنە ڕووی پێگەو ڕۆڵی خێزانە لە هەریەکە لە دینی ئیسلام و مەسیحیدا، هەروەها هەوڵدەدات ئەم ئامانجانەش بێنێتەدی:

١. گرنگی خێزان بۆ تاک و کۆمەڵگە.
٢. ئەرکەکانی خێزان بەرامبەر تاک و کۆمەڵگە.
٣. بەراوردکارییەک لە تێڕوانینی دینی ئیسلام و مەسیحی بۆ خێزان.

### چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆد کۆمەڵە یاسایەکی گشتییە توێژەر بۆ ڕێکخستنی ئەو بیروبۆچوون و زانیارییانەی لەبەردەستیدان پشتیان پێدەبەستێت، یان ئەو ڕێگەیەیە، کە توێژەر بۆ نوسینی توێژینەوەکەی پشتی پێدەبەستێت، ئەم میتۆدەش لە زانست و بابەتێکەوە بۆ زانست و بابەتێکی دیکە دەگۆڕێت(فەزوڵڵا، ٢٠١٦: ٣٧). بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهاتوە، کە میتۆدی وەسفی

شیکاری بریتییە لەو میتۆدەی خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ بابەتی توێژینەوەکە دەکات و زانیارییەکان کۆدەکاتەوەو دەیانخاتە ڕوو شیکردنەوەیان بۆ دەکات، میتۆدی بەراوردکاریش ئەو میتۆدەیە بەراورد دەکات لە نێوان دوو دیاردە یان دامەزراوە یان...هتر بە ئامانجی دەرخستنی لێکچوون و جیاوازی لە نێوانیاندا، بەمەرجێک بەراوردەکە لە نێوان دوو شتدا بێت کە لەڕوی پێکهاتەو ڕێکخستن و ئەرکەوە هاوشێوی یەک بن(حمداوي، ٢٠١٤: ٣٢، ٣٤).

**پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

أ. توێژینەوەی (عباس بن غازي بندر الحنتوشي و مطر بن عبيد الله العتيبي) بەناونیشانی (دور الأسرة في تعزيز الدور التربوي لبناء أجيال المستقبل) لە (المجلة الدوليةالتربوية المتخصص، المجلد ٦، العدد ٦، لەساڵی ٢٠١٧)دا بڵاوكراوەتەوە، ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشان کردنی ڕۆڵی پەروەردەیی خێزان بوە لە بنیاتنانی نەوەی داهاتودا، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش توێژەران میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە، لەگەڵ بەکارهێنانی فۆڕمێکی ڕاپرسی، کە لە (٣٧) برگە پێکهاتوەو سێ ڕەهەندی (زانیاری، لێهاتویی، بەهایی) لەخۆ گرتوە. نمونەی توێژینەوەکەیان بەشێوەی هێشوویی هەڕەمەکی هەڵبژاردوەو پێکهاتوە لە (٥٩) سەرۆک خێزان و (٩٨) قوتابی، لە ئەنجامدا دەرکەوتوە خێزان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەروەردەکرنی تاکدا، هەروەها ئەو خێزانانەی ئاستی خوێندنیان بەرزتر بوە لە هەردو بواری (لێهاتوویی و بەهایی)دا ڕۆڵێکی کاریگەرتریان بینیوە بەراورد بەو خێزانانەی ئاستی خوێندنیان نزمتر بوە.

ب. ماستەرنامەی (عزي الحسين) بەناونیشانی (الأسرة و دورها في تنمية القيم الإجتماعية لدى الطفل في مرحلة الطفولة المتأخرة) لە ساڵی (٢٠١٣- ٢٠١٤) لە زانکۆی (مولود معمر تيزي وزو): ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ڕۆڵی خێزانە لە چاودێریکردن و پەروەردە کردن و گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای هەرزەکاران بەتایبەتی بەهاکانی (هاوکاری، لێبوردەیی، ئەمانەت) زانینی ئەو ڕێگا پەروەردەییە کردارییانەی خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵدا بەگشتی و گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی بەکاریدەهێنێت، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، لەگەڵ بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم قوتابیانی قۆناغی پێنجی بنەڕەتییە لە شاری بوسعادة، نمونەی توێژینەوەکەشی (٢٧٣) قوتابییە، لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی خێزان ڕۆڵێکی کاریگەرو گرنگی هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵ و گەشەپێدانی تواناکانی و چاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵ.

ج. توێژینەوەی (فاطمة إسماعيل محمود) بە ناونیشانی (دور الأسرة العراقية في تنمية بعض القيم الإيجابية لدى الأبناء في ظل الظروف الراهنة- من وجهة نظر المعلمين والمعلمات) لە (جامعة ديالي، مجلة كلية الأداب- العدد ١٠٠) لە ساڵی ٢٠١١دا بڵاوکراوەتەوە، ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی خێزانی عێراقیە لە گەشەپێدانی بەهای ئیجابی لای منداڵان لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوەو (١٠٠) مامۆستای قوتابخانەی وەک نمونە وەرگرتوە کە لەساڵی (٢٠١٠ – ٢٠١١) لە قورتابخانەکاندا دەوامیان کردوە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستوە خێزانەکان هەوڵیانداوە چەندین بەهای ئیجابی لە دەرونی منداڵەکانیاندا بچێنن، وەک چاندنی ڕوحی لێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی لە هەڵوێستە بێزارکارەکاندا، گەشەدان بە لێهاتوییەکانی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی خێزان و بەکارنەهێنانی وشەو کرداری نەشیاو، ڕێگەنەدانی منداڵ بە سەیرکردنی ئەو زنجیرەو فیلمانەی توندوتیژی بڵاودەکەنەوە، هەروەها پشت بەستن بە بنەما دینییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا و فێرکردنی منداڵ بە داوای لێبوردن لە کاتێکدا هەڵەیەکی ئەنجامدا.

د. توێژینەوەی (د. باسمة حلاوة) بە ناونیشانی (دور الوالدين في تكوين الشخصية الإجتماعية عند الأبناء- دراسة ميدانية في مدينة دمشق) لە (مجلة جامعة دمشق- المجلد ٢٧- العدد الثالث و الرابع) لە ساڵی (٢٠١١)دا بڵاوکراوەتەوە: ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ڕۆڵی دایک و باوکە لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵدا، توێژەر لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، لەگەڵ فۆڕمێکی ئیستبیان کە لە شەش تەوەر پێکهاتوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی شاری دیمەشق و نمونەی توێژینەوەکەشی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە چوار ناوچەی شاری دیمەشق وەرگرتوە، کە پێکهاتون لە (٥٠)باوک و (٥٠)دایک، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەرکەوتوە ئاستی خوێندن و ئابوری خێزانەکان کاریگەری نییە لەسەر ڕۆڵی دایک و باوک لە دروست کردنی کەسایەتی منداڵدا، چونکە هەموو خێزانەکان لە چوارچێوەی یەک سیستم و بەهای کۆمەڵایەتیدا دەژین.

**پەیوەندی ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەکانی پێشووەوە:**

ئەگەرچی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە لە نێوان ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشودا، بەڵام کۆی ئەم توێژینەوانە باس لە گرنگی و ڕۆڵی خێزان دەکەن لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا، هەر یەکێکیان بوارێک لە بوارەکانی ژیانی باس کردوە، ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین گرنگی خێزان لە هەر یەکە لە دینی ئیسلام و مەسیحیدا بخەینە ڕوو، لێرەشەوە لەو خاڵەدا لەگەڵ ئەم توێژینەوانەدا یەکدەگرێتەوە، کە باس لە گرنگی و ڕۆڵی خێزان دەکەن.

## باسی دووەم: خێزان لە ئاینی ئیسلام و مەسیحیدا

**یەکەم: تیشکێک لەسەر چەمک و مێژووی خێزان:**

خێزان لە مانا گشتیەکەیدا چەمکێکی جیهانییە و لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە، چونکە وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێک پێداویستییە، کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هاوبەشن، یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەییە مرۆڤ بە هەڵهێنانی چاوی بەڕوی ژیاندا تێکەڵی دەبێت و کەسایەتی تاکی تێیدا دروست دەبێت و تاک تێیدا فێری چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەبێت بۆ پڕکردنەوەو تێرکردنی پێویستییەکانی. پێناسە کراوە بەوەی، گروپێکی کۆمەڵایەتییە جیادەکرێتەوە بە یەک شوێنی لە جێگەو ژیانیاندا، لەگەڵ هاوکاری ئابوری و ئەرکی زۆربون و زاوزێ کردن، هەروەها پێناسە کراوە بەوەی گروپێکە لەتاک پەیوەندی هاوسەرگیری یان خوێن یان هەڵگرتنەوە پێکەوەی بەستوونەتەوەو لە ژێر یەک سەقفدا دەژین و بە

گوێرەی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانیان کارلێک لەگەڵ یەکدی دەکەن و پارێزگاری لە شێوازێکی شارستانی گشتی دەکەن(ناصر، ٢٠١٣: ٦٢) کەواتە خێزان گوزارشتە لە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی لە چەند تاکێک پێکدێت، کە چەند بەستەرەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاکاری و خوێنی و ڕوحی بە یەکدیانەوە دەبەستێت، خاوەنی ڕێکخستن و پەیوەندی و سروتێکی ڕەفتاری پەرەسەندووە، کە کۆمەڵگە بڕیاریان لەسەر دەدات، خێزانی ئەمڕۆ پێگەیەکی دیاری هەیە لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو پایەیەکی سەرەکی بونی کۆمەڵگەی نوێیە، هزری تاکەکان فراوان دەکات و هانیان دەدات بۆ کارکردن و پێشکەوتن، دوای ئەوەی ئەو بە کۆمەڵایەتی بوونەی پێدەبەخشێت، کە پێویستییەتی و بەرگری لێدەکات کاتێک تووشی کێشەو گرفت دەبێت، هەروەها لە ڕێی چەند پەیوەندییەکی بەهێزەوە بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک خوێندنگەو زانکۆو مزگەوت و کارگە و دامەزراوەسیاسییەکان و گشت دەستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە بەستراوە(ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٢١٣).

لە ڕووی مێژوویی و چۆنیەتی دروست بوونی خێزان و ئەنجامدانی هاوسەرگیریشەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، مێژوو نووسان لە بارەی پێکهێنانی یەکەمین گروپە خێزانییەکان و ڕۆڵی ئەندامەکانیانەوە دەڵێن:(سەرجەم خزمەکان لە ئەشکەوتێکدا یان لە چەند خانوویەکی گەورەدا دەژیان، پیاوان ڕاویان دەکردو هۆکارەکانی کارکردنیان دروست دەکرد، ژنەکانیش گژوگیا خۆراکییەکانیان کۆدەکردەوەو، منداڵانی تەمەن سێ تا چوار ساڵیش یارمەتی ژنەکانیان دەدا، خواردنی بەدەستهاتووش دابەش دەکرا بەسەر سەرجەم خێزاندا(موحسنی، ٢٠٠٦: ٣٨١) بەشێک لە مێژونووسان جەخت لە بەرەڵایی و کۆمۆنەیی ژیانی سێکسی- نێوان مرۆڤەکان دەکەنەوەو پێیان وایە قۆناغی بەرایی ژیانی ئادەمیزاد بە هاوبەشی ژیانی سێکسی دەستیپێکردووەو لەمبارەیەوە هیچ لەمپەرێک لە نێوان مرۆڤەکاندا نەبوە، هەرچەند دواتر توێژینەوە مرۆڤناسییەکان ئەم بۆچونەیان ڕەتکردەوە، بەو بەڵگەیەی سیستەمی هاوسەرگیری و شێوەی ژن و مێردایەتی لە نێوان هەندێک لە ئاژەڵانی باڵادا هەبوە، چۆن دەبێت مرۆڤی ژیر بەم قۆناغەدا تێپەڕیبێت(زێباری و شوانی، ٢٠١٣: ٢٦٤) لێرەوە مرۆڤناسی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە خێزانی سەرەتاییدا بەسەر دوو کۆمەڵدا دابەش دەکات، بەشێکیان پێیان وایە خێزانی باوک سالاری واتە خێزانێک پیاو دەسەڵاتی ڕەهای هەبوە شێوەی یەکەمی خێزانی مرۆڤ بوە، لە کاتێکدا بەشێکی تریان لەو بڕوایەدا بوون دایک سالاری شێوەیەکی باوو کۆنتری خێزانی مرۆڤ بوە، بەگشتی مرۆڤناسان پێیان وایە خێزان قۆناغ گەلێکی جیاوازی لە دواکەوتووترین قۆناغ، کە قۆناغی بێ ڕێکخستنی تەواو لە پەیوەندی دوو ڕەگەزە تا بەرزترین قۆناغ، کە قۆناغی پشتبەستوو بە بنەما جێگیرەکانی هاوسەرگیری ڕەوا و یاسایيەتێپەڕاندوە(وەلەدبەگی، ٢٠٠٩: ٧٠).

بەشێوەیەکی گشتی دیارترین شێوەکانی هاوسەرگیری و خێزان بریتین لە: (زێباری و شوانی، ٢٠١٣: ٢٦٦- ٢٦٨) (وەلەدبەگی، ٢٠٠٩: ٧١- ٧٤)

١. تاک ژن و مێردی(مۆنۆگامی): واتە کۆبونەوەو پێکەوە ژیانی یەک پیاو و یەک ژن بەناوی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزانەوە، زۆربەی گروپە مرۆییەکان لە ئێستاو ڕابردوشدا ئەم سیستمەیان پەیڕەو کردوە.

٢. فرەژنی(پۆلیگامی): بریتییە لەوەی لە یەک کاتدا پیاوێک پەیوەندی ژن و مێردایەتی لەگەڵ چەند ئافرەتێکدا هەبێت، ئەم جۆرەش یاساو ڕێساو سیستەمی تایبەت بە خۆی هەیە، لە هەندێک لە کۆمەڵگەکاندا هیچ سنورێک نییەو پیاو دەتوانێت تا حەز بکات و توانای هەبێت ژن بهێنێت، بەڵام لە هەندێک کۆمەڵگەی دیکەدا ناکرێت پیاو لە چوار ژن زیاتری هەبێت بەتایبەتی کۆمەڵگە موسوڵمان نشینەکان.

٣. فرەمێردی(پۆلیندری): بریتییە لەوەی یەک ئافرەت لە هەمان کاتدا پەیوەندی ژن و مێردایەتی لەگەڵ چەند پیاوێکدا هەبێت و ژنی هەموویان بێت، ئەمە زۆر بە کەمی بڵاوە، تەنیا لە هەندێک گروپی مرۆیی تبت لە ناوەڕاستی ئاسیا و لە خێڵی تودا لە باشوری هندستان بینراوە.

٤. هاوسەرگیری بەگروپ: بریتییە لە هەبوونی پەیوەندی ژن و مێردایەتی لە نێوان چەند ژن و چەند پیاوێک لە یەک کاتدا، واتە هەر پیاوێکیان مێردی هەموو ژنەکانە و هەر ژنێکیشیان ژنی هەموو پیاوەکانە، ئەم جۆرە هاوسەرگیری و خێزانییە بەپێی هەندێک لە توێژینەوە مرۆڤناسییەکان لە چاخە بەراییەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا هەبووە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خێزان کۆنترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و لە تەواوی کۆمەڵەکاندا بە کۆن و نوێ و سەرەتایی و پێشکەوتوو هاوچەرخەوە هەبوە، واتە بە درێژایی مێژوو هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەبوەو لە هەموو کات و زەمان و ناوچەیەکی جوگرافی، کە مرۆڤ تێیدا بژی هەیەو هەر دەمێنێت، ئەمانەش گرنگی خێزان تاکە کەس و کۆمەڵگە نیشان دەدات، چونکە بەرپرسە لە لەدایک بوون و زۆربون و پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ و دارِشتنی ڕەفتار و بۆچوون و هەڵوێست و بەهاکان و داب و نەریت و ڕەوشتەکان لای تاکەکەس زیاتر لە هەر دامەزراوەیەکی تر، توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستوە، کە خێزانی هەڵوەشاوەو لێکترازاو فاکتەری یەکەمینە بۆ سەرهەڵدانی لادان و کێشەکان لای تاکە کەس، لەگەڵ ئەوەی بەردەوامی هەر کۆمەڵگەیەک پەیوەستە بە دروست بوونی پەیوەندی هاوسەرێتی و پێکهێنانی خێزانەوەو مانەوەو بەردەوامیشی- دەگەڕێتەوە بۆ خێزان، چونکە خێزان بەپێی خواستەکانی کۆمەڵگە تاکەکانی پەروەردە دەکات و پێیان دەگەیەنێت و هەوڵدەدات بەپێی سیستم و داب و نەریتەکان تاکەکان ئامادە بکات بۆ ژیان(القصیر و أحمد، ٢٠٠٢: ١٤).

**دووەم: ڕۆڵ و ئەرکی خێزان:**

لە پێشەوە باسمان کرد خێزان یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە تاک تێیدا دێتە دنیاوەو گەشە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەمەزراوەیەکی گرنگی کۆمەڵگەیەو کاریگەرییەکی گەورەی لە تەندروست بوونی کۆمەڵگەدا هەیە، ئەمەش نیشانی دەدات لەگەڵ ئەوەی خێزان ڕۆڵ و ئەرکی گرنگی هەیە لە کۆمەڵگەدا خاوەن پێگەیەکی تایبەتیشە، کە بریتییە لەو شوێنەی (ئاستەی) تاک یان خێزان یان گروپ لە سیستیمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بەرامبەر ئاست و شوێنی ئەوانی تر

دەیگرێـــــت، ئەمەش ئەوک و مـــــاف و پەیوەنــــــدییە کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکات، هەروەها بە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و پلەیەک دەگوترێت، کە تاک یان گروپ لە ئاستی کـۆمەڵایەتی گروپێکـدا بە هەڵسـەنگاندن لەگەڵ گروپەکـانی دیکەدا بەدەستی دەهێنێت، ئەمەش ماف و بەرژەوەندیەکانی دیـاری دەکـات، بەهـۆی ئەو پـێگەیەی خێزانـیش هەیەتی لە کـۆمەڵگەدا چەنـد ڕۆڵ و ئەرکـێکی دەکەوێـتە ئەسـتۆ، کە بە هەڵسـوکەوتێک دەوترێـت کەسـانی دیـکە لەو تـاک یـان دامەزراوەیەی پـێگەیەکی دیـاریکراوی هەیە چـاوەڕێی دەکەن (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ١٢٦) (کۆهێن، ٢٠١٤: ٩٧).

لێرەوە بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەکان ئاماژە بە چەند ئەرکێکی خێزان دەدەن، کە بریتین لە: (موحسنی، ٢٠٠٦:٣٨٦) (القصير و أحمد، ٢٠٠٢: ٥٢) (العويضي، ٢٠٠٤: ٤٤) (الجوة، ٢٠١٠: ٢)

١. ڕێکخستنی پەیوەندی سێکسی: پەیوەندی هاوسەرێتی نێوان ژن و پیاو ئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستییە سێکسییەکانە، کە لەلایەکەوە هۆکارە بۆ پاراستنی تاکەکان لە هەڵچوونی نارێک و لادەر لە ڕوی کـۆمەڵایەتییەوە و ڕێگـرتن لە بەرەڵایی پڕۆسـەی سێکسی. کە هەرەشـە لە ئارامی و مانەوەی کۆمەڵگە دەکات بە تەندروسـتی و، لەلایەکی تریشـەوە زەمیـنەیەکی بنەڕەتیـیە بـۆ زاوزێـیەکی تەندروسـت، کە هۆکـاری مـانەوەی کـۆمەڵگەیە، چـونکە بـۆ مـانەوەی کـۆمەڵگە پێویسـتە جێگـرتنەوەی ئەندامەکانی لەڕێگەی لە دایک بوونەوە زامن بکرێت. لەگەڵ هۆشـیارکردنەوەی نەوەکـان لە بـابەتە سێکسـییەکان لەسـەر بنەمایەکی ڕاست و زانستی.

٢. ئەرکی بـایۆلۆجی: مەبەسـت لـێی دابـین کـردنی پێویسـتە فسـیۆلۆجیەکانە، کە یەکـێکە لە پێویسـتییە گرنگەکـان بـۆ مانەوە، وەک پێویستییە خۆراکییەکان و جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون و چاودێری تەندروسـتی، لەگەڵ هەوڵـدان بـۆ پڕکـــردنەوەی پێویســـتییە دەروونی و مەعنەوییەکـــان، وەک هەست کردن بە ئاسایش و ئارامی و دڵنیابوون لەوەی کەسێکی قبوڵکراوە، لەگەڵ هەستی بوونی ئینتما بۆ ئەو کۆمەڵەی تیایدا دەژی، لەگەڵ ئەمانەشدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەسـەرجەم کۆمەڵگەکانـدا خـێزان وەک پەنـاگەو هۆکارێکی بەرگریکـردنە لە ئەندامەکانی.

٣. ئەرکی ئـابوری: بەدرێـژایی مـێژوو خـێزان ئەرکی ئابوریشی لە ئەسـتۆدایە، واتە دابـین کـردنی پێویسـتییەکانی ژیـانی تاکەکـان وەک ئەرکێک دەکەوێـتە ئەسـتۆی خێزانەکان، لەگەڵ ئەوەی پێویسـتە خـێزان هەوڵبدات تاکەکانی فێربکات بتوانن سـوود لە توانـاو لێهاتوییەکانیـان وەربگـرن، بە مەبەسـتی دابـین کـردنی پێویستییەکانی خۆیان و سوود گەیاندن بە کۆمەڵگەکە.

٤. ئەرکی پەروەردەکردن: پێگەیانـدن و چاودێریکردنی منداڵ و پڕۆسـەی گەشـەپێکردنی کۆمەڵایەتییـانەی منـداڵ یەکـێکە لە ئەرکە سـەرەکییەکانی خـێزان، بەتـایبەت تـا کاتێـک منـداڵ لە ڕووی پێگەیشـتنەوە قۆنـاغی وابەسـتەیی تێنەپەڕانـدوەو بـۆ پڕکـردنەوەی خواسـتەکانی پێویسـتی بە کەسـانی تـر دەبێـت، ئەمەش کۆی لایەنەکانی ژیان (جەستەیی، تەندروستی، دەروونی، ژیری) دەگرێتەوە، لەگەڵ پەروەردەکردنی ئاکاری و ڕەوشتی بە جۆرێـک تـۆوی بەهـاو ڕاسـتی لە دەروونی تاکەکانیـدا بچێنێـت، نەوەکان فێر بکات چۆن بیردەکەنەوەو گوێدەگرن، چۆن ڕێزی کەسـانی بەرامبەریـان دەگـرن چ لە خۆیـان گەورەتـربن یـان بچوکترین.

٥. ئەرکی سۆزداری: خێزان لە پێویستی مرۆڤەوە بۆ خۆشویستن و وابەسـتەییە عاتفییەکانەوە سـەرچاوە دەگرێت، بەبێ بـوونی خۆشەویستی و هەستی وابەستەیی لەوانەیە خێزان ڕووبەڕووی هەنـدێک گرفتی دەروونی و عـاتفی ببێتەوە، لەبەرئەوە پێویسـتە خـێزان گـرنگی بـدات بە بـوونی پەیوەنـدییەکی بەهـێز لە نێـوان تاکەکانیدا، کە لەدواتردا هۆکار دەبێت تا تاکەکان ئەرکەکانیان بەرامبەر بەساڵاچوان لە خێزاندا جێبەجێ بکەن.

٦. ئەرکی شارســتانی: مەبەســت ئەوەیە خــێزان بەجۆرێــک تاکەکـانی ئامـادە بکـات وەک ئەوەی تـاکێکە لە کـۆمەڵگەداو پێویسـتە پابەنـد بێـت بە داب و نەریـت و بەهـاو یاسـاکانی ئەو کۆمەڵگەیەوەو دوور بکەوێتەوە لە ئەو ڕەفتارانەی ناگونجێت لەگەڵ بەهاکـانی کۆمەڵگەکەیـدا، لەگەڵ ئەمانەشـدا ئەرکی خـێزانە کە کولتـورو شارسـتانی کـۆمەڵگەکەی بگەیەنێـت بە تاکەکان و لە نەوەیەکەوە بیگوازێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

٧. ئەرکی دیـنی و ئەخـلاقی: یەکـێکی تـر لە ئەرکەکـانی خـێزان ئاراســـتەکردنی منــــداڵە ڕووەو بیروباوەڕەکـــانی و فێرکـــردنی پەرستشەکان، کە پێویست و داواکراون بۆ نزیک بونەوەی تاکە کەس لە بەدیهێنەرەکەی کە (خوایە)، لەگەڵ فێرکردنی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کە هاودینی خۆی نین و ڕێز لە بەها دینییەکانیان بگرێت.

**سێیەم: خێزان لە ئاینی ئیسلامدا**

ئەگەرچی لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەردا درودی خـوای لەسـەر بێت بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ وشـەی (الأسرة) نەهاتوە، بەڵام لە زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا وشەی (الأهل یان عشیرة) بەمانای خێزان هاتوە، وەک خوای گەورە لە سـورەتی (النمـل:٧)دا دەفەرموێـت:(إِذْ قَـالَ مُـوسَىٰ لِأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَارًا...) واتە:(موسا بە هاوسـەرەکەی ووت: ئێوە لێرەدا بمێننەوە بە ڕاستی من ئاگرێکم بەدیکردووە) وشەی أهل لێرەدا مەبەستی خێزانەکەی حەزرەتی موسایە، یاخود لە سورەتی (التحريم:٦)دا دەفەرموێت:( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُـوا أَنفُسَـكُمْ وَأَهْلِـيكُمْ نَـارًا ...) واتە:(ئەی ئەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنــاوە، خۆتــان و کەس و کارتــان بپــارێزن لە ئاگرێــک کە سـوتەمەنییەکەی خەڵـک و بەردە) کە وشـەی أهـل لـێرەدا بەمانـای خـێزان دێـت، یـاخود لە سـورەتی (الشـعراء: ٢١٤)دا دەفەرموێت:( وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ) واتە: (سەرەتا عەشرەت و تـایەفەو کەس و کار ئاگادار بکەرەوە) کە وشـەی عەشـیرەت لـێرەدا بەمانـای خـێزان دێـت، لە چەنـدین ئـایەتی تریشـدا ئەم وشــانە هــاتوە، کە ئەمەش دەرخەری گرنگیــدانی قورئــانە بە خێزان(أبـو عبـدوا، ٢٠١٠: ٣)، لـێرەوە خـێزان لە ئیسـلامدا بە بنەمـا و یەکەی سـەرەکی کـۆمەڵگە دادەنرێت، کە لە ئەنجامی هاوسـەرگیری نێـوان کـوڕو کچێکـدا بەپـێی شـەرع و یاسـایەکی ڕێکخـراو دروسـت دەبێـت، گـرنگی خـێزان لە ئیسـلامدا لەوێـوە دەردەکەوێـت، کە لە فـیقهی ئیسـلامیدا بـابێکی تـایبەتی بـۆ تەرخـان کـراوە بەنـاوی (بـاب النکـاح)، لە قورئـانی پـیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەریشدا (د.خ) بوارێکی فراوانی بۆ تەرخان کراوە، بە ئامانجی ڕێکخستن و گەشـەپێدان و دەستەبەرکردنی

دڵنیایی مانەوەی خێزان، ئەم گرنگی پێدانەش کۆی قۆناغەکانی ژیانی خێزان دەگرێتەوە، کە بە پرۆسەی هاوسەرگیری دەست پێدەکات و بناغەی یەکەمی دروست کردنی خێزانە، ڕەگەزی سەرەکیشی بونی ئیمانێکی پتەوە بە یەکتایی خوا، وەک خوای گەورە دەفەرموێت:( وَلَا تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ۚ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ ۗ وَلَا تُنكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا ۚ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ ...)(البقرة: ٢٢١) واتە: (ئافرەتانی موشریک و خوانەناس مارە مەکەن هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن، کە نیزەکێکی ئیماندار باشترە لە ئافرەتێکی موشریک و خوا نەناس...) باوەڕ بەخوا و یەکتاپەرستی لای هەردوو کەسەکە مەرجی بە ئەنجام گەیاندنی هاوسەرگیرییەکەو تەندروست بونییەتی، ئەمەش بۆ ئەوەی دەستەبەری بوونی نەوەیەکی موسوڵمان بکرێت(الحمیدان، ٢٠١٠: ٥).

لە زمانەوانیدا خیزان بەمانای قەڵاو پەنا دێت، لە زاراوەشدا بریتییە لە یەکەیەکی دروست بوو لە ڕێگەی پەیمانێکەوە لە نیوان دوو کەسدا لە ڕەگەزی جیاواز، هەر یەکێکیان ماف و ئەرکی تایبەتی هەیە، هەروەها یەکەم یەکەی کۆمەڵگە و یەکەم دامەزراوەشە پەیوەندییەکان تێیدا شێوەیەکی ڕاستەوخۆی هەیە و تاک تێیدا گەشەی کۆمەڵایەتی دەکات و زانیاری و لێهاتوویی و هیواو ئاوات و ئاراستەی بۆ ژیان وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری پاراستنی نەژادی مرۆڤایەتی و خزمایەتی و هەست و سۆزو گواستنەوەی کولتورو شارستانی کۆمەڵگەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، لەگەڵ ئەمانەشدا خێزان بەشێوەی ئیجابی و سلبی کاریگەری لەسەر مرۆڤ جێدەهێڵێت، وەک پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت:( هەموو منداڵێک لە سەر فیترەت (پاکی) لەدایک دەبێت، دایک و باوکیەتی دەیکەن بە یەهودی یان مەسیحی یان جوو..)(عبدالله، ٢٠٠٥: ١٢)، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە زانایان جەخت لەوە دەکەنەوە خێزان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا، لە ڕێگەی پابەند بوون بە بنەماو پێوەرو بەها ئیسلامییەکانەوە، لەبەرئەوە هەر کارێك گونجاو بێت لەگەڵ پێوەرو بنەماکانی ئیسلامدا ئەنجامی دەدات و هەر کارێکیش پێچەوانەی بێت لێی دور دەکەوێتەوە، ئەمەش ئاسودەیی لە کۆمەڵگەدا بەدەست دێنێت، چونکە دینە ئاسمانیەکان بە گشتی کارێک پەسەند ناکەن، کە ببێتە هۆی تێکدان و شێواندنی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەمانەشدا لە ئیسلامدا مافی هەریەکە لە ژن و پیاو لە خێزاندا پارێزراوە و خێزان بناغەی کۆمەڵگەیەو بە تەندروست بوونی خێزان کۆمەڵگەش تەندروست دەبێت(الحمیدان، ٢٠١٠: ٦).

یەکەم خێزانیش لە مێژوی مرۆڤایەتیدا بریتییە لە خێزانی پێغەمبەر ئادەم درودی خوای لەسەر بێت، کاتێک خوای گەورە بە فریشتەکانی فەرموو:( وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ...)(البقرة: ٣٠) واتە: (پەروەردگار بە فریشتەکانی ووت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێک دابنێم) مەبەست لەوەیە خوای گەورە ویستویەتی جێنشینێک لەسەر زەوی بۆ خۆی دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ئادەمی دروست کرد، دواتر بۆئەوەی کەسێک هەبێت ئادەم بتوانێت لەلایدا بحەوێتەوەو لەگەڵیدا بژی حەوای دروست کرد، وەک لە سورەتی (الأعراف: ١٨٩) دەفەرموێت:( هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا)واتە: (خوا ئەو زاتەیە، کە ئێوەی لە یەک نەفس دروستکردوەو هەر لەویش هاوشێوەکەی بەدیهێنا) ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە خێزان هۆکاری ئاسودەیی و ئارامی تاکە.

## مەبەستەکانی دروستکردنی خێزان لە ئیسلامدا:

لە ئیسلامدا هەر کارێک باس کرابێت و جەخت لەسەر ئەنجامدانی کرابێتەوە ئامانج و مەبەستی تایبەتی هەیە و لە پێناو ئاسودەیی و ئارامی ژیانی مرۆڤەکاندا دانراوە، ئامانج و مەبەست لە دروست کردنی خێزانیش بریتییە لە: (عبدالله، ٢٠١٠: ١٤- ١٩)(قاسمي، ٢٠١٥: ١٦- ١٨)

١. ڕێکخستنی توانا جنسییەکان و ئارەزوو غەریزەکان: زانای ناسراو (محمد قطب) دەڵێت:( لە ڕاستیدا توانا جنسییەکان بابەتێکی بایۆلۆجین و بەبێ بوونیشی ـ ژیان لەسەر زەوی بەردەوامی نابێت، ئیسلامیش سورە لەسەر ئەوەی ئامانجەکانی ژیانێکی باڵا دەستەبەر بکات، لەبەرئەوە ڕێز لە هەموو ئەو هۆکارانە دەگرێت، کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە، بەڵام بۆ هەر کارێک ڕێگاو شێوازو یاسای دروست دیاری دەکات).

٢. زاوزێ و وەچە خستنەوە: ئەگەر پێکەوە بوونی ژن و پیاو پێکەوە مەبەستێکی هەبێت، کە تێرکردنی یەکێک لە غەریزەکانی مرۆڤە، ئەوا لە ئیسلامدا زیاتر لەوە مەبەستێکی تریشی هەیە، کە بریتییە لە وەچە خستنەوەو، ئەمەش لەم ئایەتەدا پیرۆزەدا دەردەکەوێت:**(** يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً**)** (النساء:١) واتە: (ئەی خەڵکینە لە خەشم و ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن، کە ئێوەی لە یەک نەفس دروستکردوە) یەکێک لە داواکارییەکانی پێغەمبەرانی (أولوالعزم)ش نەوەی باش و چاک بوە، وەک لە زاری ئیبراهیم پێغەمبەرەوە سەلامی خوای لێ بێت لە قورئاندا هاتوە دەفەرموێت:**(** رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِن ذُرِّيَّتِي)(إبراهيم: ٤٠) واتە: (پەروەردگارا خۆم و نەوەکانیشم بگێڕە لەو کەسانەی ئەنجامدەری نوێژ بین بە چاکی) یان زەکەریا سەلامی خوای لێ بێت دوعا دەکات :( رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً)(آل عمران: ٣٨) واتە: (زەکەریا لە پەروەردگار پاڕایەوەو ووتی: پەروەردگاراق، نەوەی چاک و پاکم پێببەخشە) لە چەندین ئایەتی تردا ئاماژە بەوە دراوە، چونکە نەوەی باش بە یەکێک لەو بەخششانە دادەنرێت، کە خوای گەورە بە بەندەکانی دەدات، پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: کەسێک کە دەمرێت سێ شت لە دوای خۆی جێدەهێڵێت:( خێرێکی کردبێت و ئەو خێرە بەردەوام بێت، زانستێکی بڵاو کردبێتەوە، یان منداڵی باش و صالحی لەدوا بەجێ مابێت).

٣. پاراستنی نەسەب (ڕەچەڵەک): مەبەست پاراستنی ڕەچەڵەکی بنەماڵەیە، واتە پاراستنی هۆزە لە لەناوچون و ناسینی باوک و باپیر و ڕەچەڵەک لەلایەن نەوەکانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:( وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً...) (النحل: ٧٢)واتە: ( خوا هەر لەخۆتان هاوسەرانی بۆ فەراهەم هێناون) ئەم ناسینەش دەبێتە بنەمای زانینی ئەرک و

واجباتەکان لە پەروەردەو لەخۆگرتن و مەسرەفی بەخێوکردن و ژیـــان، مـــیرات و هەمـــوو ئەو شـــتانەی پەیوەســـتە بە هاوســـەرگیرییەوە، کە جێبەجێنەبونیـــان هۆکـــار دەبێـــت بـــۆ بڵاوبونەوەی ململانێ و کێشەو گرفت.

٤. پاراســتنی کــۆمەڵگە لە لادانی ڕەوشــتی و پابەنــد بــوون بە ڕەوشــتە باشــەکانەوە: یەکێــك لە مەبەســتەکانی خــێزان لە ئیسـلامدا پاراسـتنی کـۆمەڵگەیە لە وێـران بـون و لەنـاوچوون، بەتایبەتی پاراستنی لە لادانی ڕەوشتی، چونکە دروست کردنی خێزان لەسەر بنەمایەکی دروست هۆکاری پاراستنی کۆمەڵگەیە لە گرفت و نەخۆشییەکان بە تایبەتی ئەو نەخۆشیانەی دەبێتە هــۆی لەنـاوچوونی کـۆمەڵگە، ئەمەش هۆکـارێکە وا لە تـاک دەکات ژیانی پارێزراو بێت و پابەند بێت بە ڕەوشتە باشەکانەوە.

٥. دەســتەبەرکردنی ئــارامی دەرونی بــۆ تــاک: خــوای گەورە دەفەرمویـت:( وَمِـنْ آيَاتِـهِ أَنْ خَلَـقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِـكُمْ أَزْوَاجًـا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً...) (الروم: ٢١) واتە: ( یەکێــک لە نیشــانەو بەڵگەکــانی ئەوەیە هەر لەخۆتــان هاوسەری بۆ دروست کردون بۆئەوەی ئارام بگرن لە لایانداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی بەدیهێناوە) ئەمە ئامـاژەیەکی ڕونە کە خـێزان ئـارامی دەرونی بـۆ تـاک دەسـتەبەر دەکـات و خۆشەویسـتی و پاڵپشـتی ژن و پیـاو بـۆ یەکـتر تێیـدا ڕەنگـدەداتەوە، ئەم ئـارامیەش بـۆ تـاک گـرنگە تابتوانێـت منـداڵەکانی بەشـێوەیەکی بـاش پەروەردە بکات، چـونکە کاری خێزان تەنیا نەوە خستنەوە نییە، بەڵکو ئەرکی پەروەردەکردنی نەوەکانیشـە لە ڕوی ڕەوشـتی و ئاینی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی ... هتر، لە گشت قۆناغەکانی تەمەنی تاکدا.

٦. ڕاهێنـان لەسـەر هەڵگـرتنی بەرپرسـیارێتی: ئامـانجی ئیسـلام ئەوەیە لە ڕێگەی دروست کردنی خێزانەوە تاکەکان فێری ئەرک و بەرپرسیارێتی بکات و ڕاهێنانیان پێ بکات لەسەر ئەنجامدانی کارەکانیان بەشێوەیەکی دروست، چونکە لە خێزاندا هەریەکە لە ژن و پیـــاو ئەرکی تایبەتیـــان دەکەوێـــتە ئەســـتۆو هەریەکێکیشـیان بەرپرسـیارن بەرامـبەر ئەرکەکانیـان، لەگەڵ ئەوەی ناوەنـدێکە یارمەتی تـاک دەدات  و فـێری هەڵسـوکەوتی کـۆمەڵایەتی دەکـات، ئەمەش یـارمەتی ژیـان کـردنی دەدات لە کۆمەڵگەدا.

٧. بەرجەستە بوونی گیانی هاوکاری و تەواوکاری و پێکەوە ژیان لە نێـوان تاکەکانـدا: ئامـانجێکی تـر خـیزان بەدیهێنـانی گیـانی هاوکاری و پێکەوە ژیانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، چونکە خـێزان بە یەکەم قوتابخـانە دادەنرێـت، کە تـاک تێیـدا فـێری ڕەوشـتە باشـەکان و گیـانی هاوکـاری و لێبـوردەیی و ئـارامگری دەبێت.

لێرەوە پێگەو ڕۆڵی خێزان لە ئیسلامدا دەردەکەوێت، چونکە بەبێ بوونی خێزان جیا لەوەی تاکە کەس توشی چەندین کێشــەو گــرفتی دەرونی و کــۆمەڵایەتی و ســۆزداری دەبێــت، هۆکـارێکیش دەبێـت بـۆ بـوونی ململــانێ و تونــدوتیژی لە کـۆمەڵگەدا، کە دواجـار دەبێـتە هـۆی لەنـاوبردنی کـۆمەڵگە، لەبەرئەوەیە خـوای گەورە سـویند بە یەکەم خـێزان و بەرپـرسی کە (ئادەم)ە درودی خوای لێبێت دەخوات و دەفەرموێت:( وَوَالِـدٍ وَمَـا وَلَـدَ )(البلـد: ٣- ٤) واتە: (ســوێند بە بــاوک و ڕۆڵەکەی) لـێرەدا والـد بە مانـای ئـادەم و ولیـدش بەمانـای منداڵەکانی دیت.

**چوارەم: خێزان لە ئاینی مەسیحیدا**

بە بڕوای پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی خێزان یەکەیەکی گرنگەو پەیوەستی خوێن و خزمایەتی و خۆشەویستی لە نێوان ئەندامەکانیـــدا هەیەو ســـەرچاوەی خۆشەویســـتییە، خۆشەویستیە دوو هاوسەری پێکەوە پەیوەست کردوە، دایک و بـاوک منـداڵەکانیان لەسـەر بنەمـای خۆشەویسـتی پەروەردە دەکەن، هەمـوو تاکێـک لە خـێزانەکەدا هەوڵـدەدات کە گەورە بـوو خێزانـێکی تـایبەتی هەبێـت، لەڕێـگەی خـێزانەوە کـۆمەڵگە پێکـدێت و تـاکیش پێدەگەیەنرێت، دیارترین وتەشـیان بـریتییە لە: (چەنـد جـوانە ئەگەر مرۆڤـایەتی وەک یەک خـێزان وابێـت خۆشەویسـتی پێکـیەوە پەیوەسـت کردبێتن)(الأنبـا شـنودە، ٢٠٠١: ٨)، لەبەرئەوە کەنیســـە گـــرنگیەکی تەواو دەدات بە خـێزان تـا نەوەیەک پێبگەیەنێت بەڕاسـتی لە خـوا بترسـێت و بیپەرسـتێت، ئەم گـرنگی پێـدانەش لە سـەرەتای پرۆسـەی هاوسـەرگیرییەوە دەسـت پێـدەکات، کە پێویسـتە سـەرەتای پرۆســەکە لە کەنیســەوە دەســت پێبکـات، چــونکە بەلای مەســیحییەکانەوە هاوســەرگیرییەک لە کەنیســەدا ئەنجــام نەدرێـت پـیرۆز نابێـت، ئەمەش بەو مەبەسـتەی گونجـانێکی ڕوحی لە نێــوان هەردوو تاکــدا دروســت ببێــت و بتــوانن بەرپرسیارێتی دروستکردنی خێزانێکی مەسیحی لە ئەستۆ بگرن، لە دروسـت کـردنی خێزانیشـدا تەنیـا دوو کەس بەشـدار نـابن، بەڵکـو لایەنی سـێیەم لە هاوسـەرگیریدا بـریتییە لە خـودا، بـۆیە کاتێک خێزان منداڵیان دەبێت، لە هەمان کاتدا منداڵی ژنەکەو پیـــاوەکەو خوداشـــە، خـــودا وەکـــو ڕوحی پـــیرۆز لەگەڵ هاوسـەراندایە و لە ماڵێکـدا بە ئامـانجێکی هـاوبەش هاوکـاری یەکتر دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی خێزان بە مانایەکی مەسیحی بریتییە لە کەنیسەیەکی بچووک(أسعد، ٢٠٠٠: ١٢).

گونجـاوترین تەمەنـیش بـۆ هاوسـەرگیری بـریتییە لە تەمەنی پێگەیشـتن، نەک تەنیـا لە ڕوی جنیسـییەوە بەڵکـو لە ڕوی فکـری و کـۆمەڵایەتی و توانـای هەڵگـرتنی بەرپرسـیاریەوە، چـونکە ئەم پێگەیشـتنە وا لە تـاک دەکات کاتێکی گونجـاو بـۆ هاوسـەرگیری هەڵبژێرێـت و ژیـانێکی خـێزانی دروسـت و هێمـنی هەبێت و زاڵ بێت بەسـەر ئەو کێشانەی دێنە ڕێیان، هەر ئەم پێگەیشـــتنەش یـــارمەتی تـــاک دەدات توانـــای هەڵگـــرتنی بەرپرسیارێتی هەبێت(الأنبا شنودة، ٢٠٠١: ٢١).

بەشـێوەیەکی گشـتی خـێزان دوو بەرپرسـیارێتی گـرنگی دەکەوێتە ئەستۆ    ژیـــان لەگەڵ خـــوا و پەروەردەکـــردنی نەوەکان، خێزانی باوەڕدار نمونەیەکی ڕوحی و منداڵانێکی ڕوحی پێشــکەشی کــۆمەڵگە دەکەن، لەبەرئەوە پێویســـتە هەردوو هاوســـەر لە ڕوی ڕوحی و فکـــری و پەروەردەیـــیەوە تەواو پێگەیشـتبن، تـا بتـوانن خێزانـێکی بـاشی پەیوەسـت بەیەکەوە دروسـت بـکەن و منـداڵانێکی بـاش و پەیوەسـت بە دینـەوە پێشـکەش کـۆمەڵگە بـکەن، لەبەرئەوە  پێویسـتە لە ماڵەکانـدا کەنیســەیەک هەبێــت (واتە ژورێــکی تــایبەت هەبێــت وەک کەنیســە مــامەڵەی لەگەڵ بکرێــت) یــان لانی کەم ســوچێک هەبێت کە تایبەت بێت بە خوداوە و نوێژ و پەرستشەکانی تێدا ئەنجام بدرێت، لێرەوە پێویستە کۆمەڵگە هاوشێوەی کەنیسە

گرنگی بە خێزان بدات و ڕێنمایی دروست پێشکەش خێزان بکات تا ببێتە نمونەیەکی باش و ژیانێکی ڕوحی دروست بژی، لێرەدا ئەرکی قەشەو مامۆستایانی کەنیسەیە کاربکەن بۆ پێگەیاندنی ڕوحی خێزان(مستریح، ٢٠١٤)

لێرەوە خێزانی نمونەیی بریتییە لەو خێزانەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و سۆزداری پتەو لە نێوان ژن و پیاودا هەبێت، بەرپرسیارێتی دروستکردنی خێزان و چاودێرکردنی منداڵ و پەروەردەکردنیان بەجۆرێک لە خوا بترسن و پێگەیاندنیان بەشێوەیەکی باش و دروست لە ئەستۆ بگرێت، ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی کەنیسەیەکی پیرۆزو کۆمەڵگەیەکی باش و نەتەوەیەکی پەیوەست بەیەکەوە،چونکە نەوەی داهاتوو ئەمانەتە لەدەستی هاوسەراندا، لەبەرئەوە پێویستە دایکان و باوکان ئەوە بزانن کاری ئەوان تەنیا گرنگیدان نییە بە منداڵ لە ڕووی خواردن و جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێبون و خوێندنەوە، بەڵکو پێویستە زیاتر گرنگی بە لایەنی ڕوحی منداڵەکانیان بدەن، هەموو ئەمانەش بە خۆشەویستی بەدەست دێت نەک بە زۆرو پەیڕەوکردنی فەرمان پێکردن و ڕێگریکردنی منداڵەکانیان لە کارەکانیاندا، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش پێویستە دایک و باوک خۆیان نمونەیەکی جوان پێشکەش منداڵەکانیان بکەن و ببنە پێشەنگێکی باش بۆیان، بەم مانایە خێزان ژینگەیەکی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی ڕەفتارو دەرون و بنەماو بیروڕاو کەسایەتی تاک و هیچ کات ناتوانرێت خێزان لەو بەرپرسیارێتییەی دوور کەوێتەوە، چونکە ژیانی خێزانی کاریگەرییەکی گەورەو قوڵی لەسەر نەوەکانی داهاتوو دەبێت(الأنبا شنوده، ٢٠٠١: ١٠- ١٢).

پێنجەم: بەراوردکاری نێوان ئاینی ئیسلام و مەسیحی

دوای خستنە ڕووی تێڕوانینی هەردوو ئاینی ئیسلام و مەسیحی بۆ خێزان دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە:

١. لە هەردوو ئاینەکەدا گرنگییەکی زۆر دراوە بە دروست کردنی خێزان و بە بنەمای تەندروست بوونی کۆمەڵگە دانراوە، چونکە لەلایەکەوە هۆکارە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی دەرونی و ڕۆحی و سۆزداری تاکەکان و لەلایەکی تریشەوە وا لە تاک دەکات پەیوەست بێت بەو بنەماو داب و نەریتانەی لە خێزاندا پەیڕەو دەکرێت، واتە جۆرێک کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیی بۆ تاک دروست دەکات.

٢. لە هەردوو ئاینەکەدا ئامانجی خێزان تەنیا پەیوەندییەکی جەستەیی و جنسی- نێوان دوو ڕەگەز نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی بریتییە لە پاراستنی نەوەی مرۆڤایەتی لەلایەکەوە، پاراستنی کۆمەڵگەش لە داڕمانی ڕەوشتی لەلایەکی ترەوە.

٣. خێزان بە یەکەم ناوەند و گرنگترین ناوەند بۆ ژیانی تاک دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی یەکەم یەکەی کۆمەڵایەتییەو کۆمەڵگەی لێ پێک دێت، لەبەرئەوە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵگەو هێشتنەوەی بە تەندروستی.

٤. ئەرک و بەرپرسیارێتی خێزان بریتییە لە پەروەردەکردنی منداڵ ، بەجۆرێک تاک توانا و لێهاتویی و حەزو ئارەزووی هیواکانی داهاتوی بەجۆرێک ئاراستە بێت، کە لەلایەکەوە خزمەت بێت بەخۆی و لە لایەکی تریشەوە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەو هۆکار بێت بۆ پێشخستنی.

٥. لە ئاینی مەسیحیدا زیاتر جەخت لەوە کراوەتەوە پێویستە خێزان پابەند بێت بە کەنیسەوەو گرنگی بە شوێنێکی تایبەت بدات لە ماڵەکەیدا بۆ پەرستش و خواپەرستی وەک کەنیسە، لە کاتێکدا لە ئاینی ئیسلامدا زیاتر جەخت لەوە کراوەتەوە تاک بەجۆرێک پێبگەیەنرێت کە پابەند بێت بە بنەماو پێوەرەکانی ئیسلام بۆ ژیان کردن ئیتر لە هەرکات و شوێن و جێگایەکدا بێت.

## باسی سێیەم: دەرئەنجامەکان و پێشنیارو ڕاسپاردەکان:

### یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١. خێزان چەمکێکی جیهانییەو لە هەموو کات و سەردەم و ناوچەیەکدا بوونی هەبووەو هەیەو دەبێت.

٢. ئەگەرچی شێوەو جۆری خێزان بەپێی مێژوی مرۆڤایەتی جیاواز بووەو چەندین جۆری خێزان هەبوە، بەڵام لە ئێستادا دیارترین جۆری خێزان بریتییە لە پێکەوە کۆبونەوەی ژن و پیاوو منداڵەکانیان لە ماڵێکدا.

٣. خێزان یەکەم ناوەندە تاک تێیدا لەدایک دەبێت و گەشەی کۆمەڵایەتی و دەرونی و ڕەوشتی هەر لە خێزانەوە دەست پێدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا یەکە یەکەو دامەزراوەی کۆمەڵگەیەو بە تەندروست بوونی ئەم دامەزراوەیە دەتوانین کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێت و هەر خراپی و لێکترازانێک لەم دامەزراوەیەدا کاریگەری نادروست و خراپ لەسەر کۆمەڵگە جێدەهێڵێت.

٤. خێزان بەرپرسیارە لە پڕکردنەوەی پێویستییە جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانی تاک.

٥. ئەرکی خێزان بریتییە لە پەروەردەکردنی تاکەکان لە ڕوی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و دینی و زانستی و دەرونییەوەو پێویستە هەوڵبدات هیچ لایەنێکی ژیانی تاک فەرامۆش نەکات.

٦. لە گشت ئاینە ئاسمانی و زەمینییەکاندا گرنگییەکی تایبەت بە خێزان دراوە، چونکە یەکەیەکی گرنگی کۆمەڵگەیەو تاک لە خێزانەوە دێتە کۆمەڵگە.

٧. ئاینی ئیسلام وەک کۆتا ئاینی ئاسمانی گرنگییەکی تەواوی داوە بە خێزان و لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە ڕۆڵ و ئەرکی خێزان دراوە.

٨. ئاینی مەسیحیش وەک ئەوەی زۆرترین شوێنکەوتەی هەیە لە جیهاندا گرنگییەکی زۆری داوە بە خێزان و ئەو بنەماو ڕێگایانەی خێزانی لەسەر دروست دەکرێت.

### دووەم: پێشنیارەکان:

١. گرنگیدان بە دروست کردنی خێزان و هۆشیارکردنەوەی لاوان لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و خوێندنگاو زانکۆکانەوە لەسەر گرنگی خێزان و ڕۆڵی لە ئارامی دەرونیدا.

٢. هۆشیارکردنەوەی دایک و باوکان لە چۆنیەتی پەورەردەکردنی منداڵەکانیان لەسەر بنەما دروستەکان تا بتوانن تاکێکی دروست پێشکەش کۆمەڵگە بکەن.

٣. پێشنیارکردن بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە پەخشنەکردنی بەرنامەو فیلم و درامایەک کە ناگونجێت لەگەڵ بەهاو داب و نەریتی کورددا، بە ئامانجی هێشتنەوەی خێزان بە تەندروستی.

### سێیەم: ڕاسپاردەکان:

١. ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی تایبەت بە کاریگەری فیلم و دراماکان لەسەر خێزان و پەیوەندییە خێزانییەکان.

٢. پێشکەشـــــکردنی ڕاســــپاردەکانی کــــۆنفرانس بەلایەنی پەیوەندیدارو بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان.

## سەرچاوەکان:


١. أبو عبدو، شيرين زهير (٢٠١٠): معالم الأسرة المسلمة في القرآن الكريم، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الإسلامية- غزة، كلية أصول الدين، قسم التفسير و علوم القرآن.

٢. الأنبا شنوده، قداسه البابا المعظم (٢٠٠١): الأسرة الروحية السعيدة، الكلية الإكليركية- العباسية، الطبعة الرابعة، مطبعة الأنبا رويس- الأوفست- العباسية- القاهرة.

٣. ئەلحەســەن، د.ئیحســان محمد (٢٠١٢) ئینســایکلۆپیدیای کۆمەڵنــاسی، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، سلێمانی.

٤. الجوة، السيد نورالدين (٢٠١٠): دور الأسرة في دعم أركان مجتمع التنمية الشاملة، المنظمة التونسية للتربية والأسرة.

٥. الحميدان، خالد بن حميدان (٢٠١٠): دور الأسرة في توعية الأمنية، ورقة عمل بحثية مقدمة إلى الحلقة العلمية (التوعية الأمنية بين الواقع والمأمول)، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية مع شؤون التدريب – مدينة تدريب الأمن العام بمنطقة مكة المكرمة.

٦. حمداوي، د.جميل (٢٠١٤): البحث التربوي (مناهجه و تقنياته)، دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان.

٧. زێباری، د. تاهیر حەسۆ و شوانی، د. محمد حوسێن(٢٠١٣): دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، سلێمانی.

٨. العويضي، إلهام بنت فرج بن سعيد (٢٠٠٤): أثر إستخدام الإنترنت على العلاقات الأسرية بين أفراد الأسرة السعودية في محافظة جدة، رسالة ماجستير غير منشورة، الأدارة العامة لكليات بنات بجدة، كلية التربية للإقتصاد المنزلي و التربية الفنية بجدة، قسم السكن و إدارة المنزل.

٩. عبدالله، د.فاطمة عبدالرحمن (٢٠٠٥): مهددات الأسرة المعاصرة (وجهة نظر الإسلامية في التكوين والعلائق والآثار التربوية)، مركز الدراسات المجتمع، سلسلة دراسات مجتمعية، السودان- الخرطوم.

١٠. فەزوڵـڵا، حوســێن نــزار (٢٠١٦): پــوختەیەک لە ڕێبــازی تــوێژینەوە، وەرگـێڕانی: پ.ی.د. نەریمـان عەبـدوڵلا خۆشـناو، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی هێڤی، هەولێر.

١١. قاسمي، سهيلة (٢٠١٥): ملامح من التربية الأسرية في ضوء القرآن الكريم، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشهيد حمه لخضر-الوادي، كليةالعلوم الإجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الإنسانية.

١٢. القصــير، مليحـــة عـــوني و أحمـــد، صـــبيح عبـــدالمنعم (٢٠٠٢): سۆسیۆلۆژیای خـێزان، وەرگـێڕانی: صـابر بۆکانی، لە بڵاوکراوەکانی سـەنتەری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی تاوان، چاپخانەی داناز، چاپی یەکەم.

١٣. کـۆهێن، بـرۆس (٢٠١٤): بنەماکـانی کۆمەڵنـاسی، وەرگـێڕانی: چەکـۆ ئەحمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٤. موحســنی، مەنــوچێهر (٢٠٠٦): دەروازەکـانی کۆمەڵنـاسی، وەرگـێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

١٥. وەلەدبەگی، ئەکـبەر(٢٠٠٩): کۆمەڵنـاسی بـۆ ژیـان، وەرگـێڕانی: خالیـد حسەین پێنجوێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٦. مستريح، فيوليت حنين (٢٠١٤): العائلة في الكتاب المقدس، فى الموقع

https://ar.zenit.org/articles/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D8%A6%D9%84%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%82%D8%AF%D8%B3/